# ئەم گێرەیە كوا ئەشێوی!!

ڕەهەند دوكانی

( هاووڵاتیان بۆیان هەیە داوای مافەكانیان بكەن بەڵام دوور لەكاری گێرەشێوێنی و لەچوارچێوەی یاسادا بۆئەوەی پرۆسەكە تێك نەچێت )

(( ووتەی بەرپرسان ))

ئێرانی دۆستی تەنگانەی گەلەكەمان!! پەلكێش كرا بۆ قووڵایی خاكی كوردستان و كونەمشكی لەنەیارانی كردە قەسری بەرپرسان....

ئەم گێرەیە نەشێواو پرۆسەكە تێك نەچوو!!

توركیای پاڵپشت و پەنای گەلی كورد بەتازەترین چەكی سەردەمەوە دەعوەتی بەشداریی كردنی شەڕی ناوخۆ كرا........

ئەم گێرەیە نەشێواو پرۆسەكە هەر تێك نەچوو!!

پەرلەمانەكەی هەلبژاردەی خەڵك لەژێر پێی بەعسی ڕەفتار فاشیدا!! سەربڕدرا و پایتەختی كوردستان خرایەوە ژێر پێی پۆستاڵ ڕەشەكانی و هیچ حسابێك بۆ ئەو خەڵكە نەكرا كە هەڵیبژاردبوو.................

ئەم گێرەیە هەر نەشێواو پرۆسەكەش هەر تێك نەچوو!!

ماڵەكانمان و ناوجەرگەی شارو شاۆچكەكان كرانە سەنگەری شەڕی دەسەڵات و كوسی و پاوانخوازی و چەندین لاوی ئەم وولاتە كرانە خۆراكی بەرداشی شەڕی ناوخۆ و چەندین منداڵ بێ باوك و چەندین دایك جەرگ براوكران و چەندین ئافرەت بێوەژن كەوتن و زۆرێك لەقوربانیان بێسەروشوێن كران كەتائێستاش هەواڵێك لەچارەنوسیان نییە.....

بەلاَم نە پرۆسەكەتێك چوو و نەگێرەكەش شێوا !!

كوردستان لەسایەی دەسەڵات و سێبەری ئێوەدا كرایە مەیدانی تەراتێنی ئیتلاعاتی ئێران و میتی تورك وموخابەراتی بەعس و هەرجانەوەرێكیتر كە خۆی حەزی كردبێت و لەدوای پرۆسەی ئازادیش مەلەفی زۆرێك لەو بەرپرسانەی كەئەمڕۆ هاووڵاتیان بەگێرەشێوێن و خۆشیان بەخاوەن و دەم سپی ئەم كۆمەڵگایە ئەزانن ئاشكرابوون و............

ئەم پرۆسەو گێرەیە تێك نەچوو و نەشێوا!!

........................

ئەم پرۆسەو گێرەیە كە هەموو ئەمانەو زیاتریشی بەسەرهاتبێت جێی پێلەق نەبووەو نەشێواوە!! عەجەبا ئێستا لە ئاست بەرزكردنەوەی داوا ڕەواكانی خەڵك و بەدەنگ هاتنی جەماوەر لەبێمافیەكانیان ئەم پرۆسەیە ئەوەندە ناسكە كەبەوئاسانیە تێك بچی؟!!

ئەگەر مەبەست لەم گێرەیە ئەوەبێت كەلەسەر حسابی ماف و ڕەنجی هاووڵاتیان و خوێنی شەهیدان دابەستراوە و كوردستانتان بۆخۆتان كردە ( جنە الله علی الارض ) و بۆ خەڵكەكەشی جەهەننەمێكی تەنانەت بێ سووتەمەنیش!! ئەو گێرە ناعادلانەیە ئەمڕۆش نەبێت سبەی هەر ئەشێوێ.

لەچوارچێوەی یاسادا؟؟؟

پانزە ساڵە وەزعی كارەبا هەر ئەوەیە كەهەیە و مێش میوانتان نییە و نەماڵەكانتان و نەكۆشكەكانتان تەنانەت بەو ڤێلایانەشتانەوە كە مانگی جارێك سەرەیان بەرناكەوێ سەردانیان بكەن بۆ چركەیەك كارەبایان لێ نابڕێت و خەڵكیش سەرمای زستان و گەرمای هاوین بەفیڕۆنادەن لەبەر بێكارەبایی و بێسووتەمەنی......

ئەمە لەچوارچێوەی چ یاسایەك دایە؟؟

ئەوەی لەم وولاتەدا ئێوە تەزکیەی نەکەن و خزمەتکاری یەکێك لەکوتلەکانتان نەبێت ئەگەر تەیارەش دروست بکات پوولێك ناهێنێت و ئەبێ سەرکز دانیشێت و ئەوەی کەئەیزانێت بۆ ( .... )ی باسکات...

کوردستانتان بەجۆێك غەرقی فەساد و گەندەڵیی کردوە تەنانەت خۆشتان ناتوانن نکوولی لێبکەن و لەهەندێ کاتدا ڕاشکاوانە دانی پیادەنێن.......

ئەمە لەچوارچێوەی کام یاسادایە؟؟

کۆمەڵگای کوردیتان بەجۆێك بەسەر حیزب و کوتلە و عەشرەت و تایەفەگەریدا پەرت پەرت کردوە کەتەنانەت هیچ توێژەرێك سەرودەری لێناکات..تەنانەت وای لێهات لەئەنجامی کێشەو ململانێی ناوخۆتاندا هەروەك شاعیری گەورەی کورد عەبدوللا پەشێو دەڵێت (( تەنانەت ووشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد )) ( خوێندکار ,قوتابی ,ئافرەت ,ژن....... )......

ئەمە لەکام چوارچێوەی یاسادایە؟؟

ئەمانە هەمووی لەچوارچێوەی یاسادان!!!! بەلام ئەگەرئەو هاوولاتیانەی کەسەبری ئەیوبیان هەیە لەگەڵ ئێوە ڕۆژێك لەڕۆژان لەدەست کولەمەرگیی و بێمافی و گەندەلیدا بەدەنگ هاتبن و خواستەرەواکانیان و لانی کەمیی داواکاریەکانیان بەرووتاندا بەرزبکەنەوە لەچوارچێوەی یاساکەتان دەرچوون و دەستی بێگانەیان لە پشتەو هەزارو یەك تۆمەتیان بۆ دروست ئەکەن و بەچەك وەلامی داخوازیەکانیان ئەدەنەوەو زیندانەکانیان پێدەئاخنن!!

بەڵێ دووکەڵ بێئاگر نابێت بەدڵنیاییەوە ئەو جەماوەرە دەستێکی لە پشتەوەیە بەلام ئەو دەستە تەنها و تەنها کەمتەرخەمیی و فەرامۆشکردنی ژیانیانە لەلایەن ئێوەوە نەك دەستی ئەو بێگانانەی کەئێوە هەمیشە بەدۆستی خۆتانیان ئەزانن!!!!

ئاخر هەر ئەو جەماوەرەبوو کەلە ڕۆژانی هەڵبژاردندا ناوەندەکانی دەنگدانیان هەراسان کردبوو و ئێوە هانتان ئەدان کەبەجوملە کارتەکانی دەنگدان لەبەرژەوەندیتان بکەنە سندوقەکانەوە وئەگەر لەورۆژەدا پێیان بنایا بە پشتی سەریشتانا قبووڵتان بوو و نەبەدەرچوون لەیاسا و نەبەگێرەشێوێنی تۆمەت بارتان نەدەکردن!!!
بەلام هەر لەگەڵ کۆتایی هاتنی دواساتەکانی هەڵبژاردندا ئیتر بەمەرامی خۆتان گەیشتن و مەڵۆی خۆتان خست و ئەو ڕەشماڵەی کە لەناو خەڵك هەڵتان دابوو پێچاتانەوەو پشتتان تێکردن و تاهەڵبژاردنی داهاتوو خواحافیزییتان لێکردن.

پێدەچێت ئێوە تەنها لەزەت لە گوڵەوەچنێی سالانی ڕابردوو و رووت و ڕەجالیی خەڵك وەربگرن,ئەگەرنا تەنها بۆچرکەساتێك لە پە نجەرەی کۆشکە عاجباتیەکانتانەوە سەیرێکی ژیانی ئەو خەڵکە داماوە بکەن کە ئێوە خۆتان بەخاوەنیان ئەزانن( بەلام تەنها لەو کاتانەدا کە پێویستتان پێیانە!! ) ,ئەو کاتە تێدەگەن ( کەر لەکوێ کەوتووەو کوندە لەکوێ دڕاوە ).

لە کۆتایێدا ئەڵێم لەترسی نان بڕین و زیندانەکانتان من ناتوانم ناونیشانی ڕاستی خۆم لەم نووسینە بدەم ئەی ئەمەیان لەچوارچێوەی چ یاسایەك دایـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــە؟؟؟

2006/8/20

dukanye@yahoo.com